نووسینی د . زاهیر سوران .
11 ی ئەیلولی 2004 .

# بەرگری دژی ئەنتیبایۆتیك
# (MRSA)

تووشبون بە ستافیلۆکۆکەسی ئاوریۆس ناسراو بە MRSA یەکێکە لەو بارودۆخە دژوارانەی کە ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر دەبینرێت و ڕووبەڕووی نەخۆش و پزیشك دەبێتەوە. ستافیلۆکۆکە زەردەکان کە بەکتریایەکی گرامپۆزەتیفە دژی ئەنتیبایۆتیکی Methicillin واتە پەنسلین ڕادەوەستێت و بگرە زۆربەی زۆری سێفالۆسپۆرینە نوێیەکانیش ناتوانن لەناوی ببەن.

بۆ دەستنیشانکردن پێویستە نموونە بەنیازی چاندن لەم شوێنانە وەربگرێت:

– بەشی پێشەوەی کونە لوتەکان.
– لاڕان و ناوگەڵ.
– گۆڕانکارییەکانی پێست (بڵق، سووربوونەوە، کێوکردن).
– ئاستی سۆندەی نەشتەرگەری و تاڵمیز یان بۆری هەناسەدان.
– میز، گەر نەخۆش تاڵمیزی بەکارهێنا لەبەر گیروگرفتی میزکردن.

لە تاقیگادا بە هۆی تێستی PCR ەوە دەتوانین S. Aureus دەستنیشان بکەین.

لە ڕاستیدا پاکوخاوێنی ڕۆڵی سەرەکی دەبینێت لەبەربەستکردن و بڵاونەبوونەوەی ئەم جۆرە ستافیلۆکۆکەسە. ئەم بەرگری لەخۆکردنەی ستافیلۆکۆکەس دژی ئەنتیبایۆتیك بووەتە هۆی ئەوەی تا پۆزەتیف بێت ئەوا پێویستە نەخۆش جودابکرێتەوە و ڕێگەی پێنەدرێت بچێتەوەماڵەوە. هەندێکجار نەخۆش ماوەیەکی زۆر لە نەخۆشخانەدا دەمێنێتەوە، جا لەبەر ئەوە:

– پێویستە پزیشك و پەرستار و هەموو ئەو کەسانەی هاتوچۆی نەخۆش دەکەن یان چارەی نەخۆش دەکەن زۆر ئاگاداری خۆیان بن و جلی تایبەتی لەبەربکەن تا بەکتریاکە بەژوورەکانی تردا بڵاونەکەنەوە.
– پێویستە نەخۆش لەژوورێکدا جودابکرێتەوە و لێپرسراوانی پاکوخاوێنی یان کۆنترۆڵی نەخۆشییە درمەکان ئاگادار بکرێت لێی.
– نابێت بەهیچ جۆرێك پزیشك و پەرستار موستیلە، کاژێر، بازن لەدەست و سەرپۆش و لەچکی ماڵەوە لە سەربکەن.
– پێویستە پزیشك هەمیشە بەروانکەی پلاستیکی تایبەتی یەکجاری بەکاربهێنێت.
– چارەسەرکردنی MRSA زۆر گرانە و دەتوانین بڵێین نییە.
– پێویستە ئەو کەسانەی لەو بەشەدا کاردەکەن پێش سەردان و پاش سەردانی نەخۆش دەست و پەنجەکانیان بەئەلکهوڵ پاکژ بکەن.

نابێت ئەو ڕاستییەشمان لەیادبچێت کەهیچ جیاوازییەك نییە لەنێوان تووشبوون بەم بەکتریایە (ستافیلۆکەس ئاوریۆس) ئەگەر MRSA بێت یان نا؟

لە هەندێك باردا دەرمانی Fucidin + Rifampicin یان دەرمانی Vancomycin ئەنجامی باشیان داوە بەدەستەوە.

**تێبینی:**

– دەرمانی Methicillin ئەنتیبایۆتیکێکە لەتاقیگادا دژی ستافیلۆکۆ کە سەکان بەکاردەهێنرێت.
– ئەو کەسەی جارێك تووشی MRSA ببێت بە هەڵگری بەکتریاکە دەدرێتە قەڵەم.
– هەر کاتێك ستافیلۆکۆکەس بەگری لەخۆی کرد و لەتاقیگادا دەرمانی Isoxazolylpenicillin نەیتوانی ستافیلۆکۆکەس لەناو ببات ئەوسا نێوی MRSA ی بۆ بەکاردەهێنرێت.

لە کۆتایی ساڵی 2003 دا پاش کۆبونەوەی ساڵانەی America Infectious Disease Society of (IDSA) کۆمپانیای (pfizer) ی دەرمان ڕایگەیاند کە لە ئەنجامی توێژینەوەکاندا بۆیان ڕوونبۆتەوە کە دەرمانی Zyvoxid (linezolid) ئەم جۆرە ئەنتیبایۆتیکە کە سەر بە کۆمەڵە دەرمانی ئۆکسازۆلیدینۆنەکانە زۆر لە دەرمانی ڤانکۆمایسین بە کارترە بە مەرجێك لە ڕێگای خوێنهێنەرەوە و بۆماوەیەکی کورت بدرێت بە نەخۆش . بەم جۆرە دەتوانیین بەشێکی زۆری ئەم جۆرە هەوکردنە چارەسەر بکرێت (5).




(دوو وێنەی سۆ بە MRSA ی پاش نەشتەرگەری)

(بێڕەزامەندی د . زاهیر سوران کەس بۆی نییە ئەم وێنەیە بەکاربهێنێت)

**کورتکراوەکان**

MRSA= Methicillin Resitenta Staphylococcos Aureius :

## سەرچاوەکان


1- د . زاهیر سوران ، نەخۆشییە درمەکان ، سۆ ستافیلۆکۆکەسەکان ، بەشی دووەم ، چاپی یەکەم ، سلێمانی– کوردستان ، 2004 .

References

1.Andersson G, sergentedt M, Sundberg I, et al (red). Handbok från hälso-och sjukvårdsarbete, Landstingsfrbundet,Stockholm 1994.

2.Iwarson-Norrby,infektionsmedicin, epidemiologi,klinik och terapi. Sverige 1995, Gteborg. Sida 92-94.

3.Läkemedels boken, 2003-2004, infektioner, antibiotika, sidan 52. apoteket, Sverige.

4.Information, från läkemedelverket, årsgång 13. Nr 47. 2002, sidan 93-96.

5.Diekema D. And Jonas R . Oxazolidinone antibiotics. Lancet 2001; vol 358:1975-82.